بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هێشبەرەکانی کوردستان لە موسڵ ئێپراسیۆنێکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا

ئەمشەو چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هێشبەرەکانی کوردستان لە راگەیاندراوەکدا باویکردەوە، لە بەردەوامی هەوڵەکانمان بە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی ماددە هێشبەرەکان، دوای بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد و دواتر وەرگرتنی فەرمانی دادوەری لەکۆمیسیۆنەوەی ئاسایش، تیمێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە شاری موسڵ بە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هێشبەرەکانی نینەوا لە چالاکیەکدا توانیان دوو تەمەتبار کە کاری بازرگانی بە ماددەی هێشبەرەوە دەکەن دەستگیر بکەن.

ئەوەش خراوەتەروو کە لەم چالاکییەدا بەی (11 کیلۆ و نیو) ماددەی هێشبەر لە جۆری کریستاڵ دەستی بەسەردا گیرا.